# هاندانی خوێندن و خوێندەواری وەک ئەرکی شیعری "لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا"

**د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ**
**زانکۆی سۆران**
**فاکەڵتیی ئاداب**
**بەشی کوردی**

**پێشەکی**

ئەرکی شیعری بەپێی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، لەسەدەی ڕابردوودا کوردستانی باشور بە بارودۆخی جۆراوجۆر تێپەڕیوە، بە جۆرێک بەپێی کات و شوێن پەیامی شیعری کوردی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەهۆی بەردەوامی بارودۆخی سیاسی و زەوتکردنی مافە سیاسیی و مەدەنییەکانی کورد بەدرێژایی سەدەی ڕابردوودا ئەرکی شیعری لە گوزارشتکردنی داوا و بەرجەستەکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامی هەبووە. یەکێک لەو ئەرکە شیعرییانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردی خراوەتە ڕوو، پەیامی گەیاندنی هۆشیاریی لە بارەی خوێند و خوێندەواری بووە، بۆیە لای زۆربەی شاعیرانی کورد بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، ئەو پرسە جێی بایەخی ئەوان بووە. تەنانەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکاتدا شاعیران ئەرکی شیعری خۆیان وەک شیعری فێرکردن جێبەجێکردووە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوە (**هاندانی خوێدن و خوێندەواری وەک ئەرکی شیعری لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا** )مان هەڵبژارد، تا وەک نموونەیەک لە ئەرکی شیعری و ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش لەو بوارەدا بخرێنەڕوو.

ئامانجی توێژینەوە وێڕای خستنەڕووی نمونەی شیعرییەکان لە گەیاندنی ئەرکی شیعری وەک پەیامێکی نەتەوەیی، لەلایەکی تر هۆکارەکانی خستنەڕووی ئەو جۆرە شیعرانە لە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گۆشەنیگای شاعیرانەوە دەخرێنەڕوو، کە هەر یەکەی لەڕوانگەی هۆشیاریی خۆیەوە بۆ پرسێکی گرنگی ڕۆژ ئەرکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری خۆی جێبەجێکردووە.

بایەخی توێژینەوەکە وێڕای دەرخستنی پەیامی شیعری وەک خەسڵەت و تایبەتمەندی بەپێی کات و شوێن، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی پەیامی ڕۆژنامەنووسی ئەو کاتیشە کە ڕۆژنامەی کوردستان لە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی خۆی بە ئامانج گرتووە، بەتایبەتی لە قۆناغێکدا پەیامی سیاسەتی ئەو کاتی کۆماری کوردستان و پەیامی ڕۆژنامەنووسی و ئەرکی شیعری هەموویان لە خزمەتی هۆشیاریی نەتەوەیی دابوون، پێیان وابوو سەرچاوەیەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی خوێندەوارییە، بۆیە بەردەوام بەشێوازێک گوزارش لەو پرسەکراوە، کە سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و لە ڕێی بەڵگەهێنانەوە نموونەی پێشکەوتن و دواکەوتن، بە ئازازێکی ناسک و جوان و زمانێکی شیعری ساکار بخەنە بەرگوێی خوێندەواران و خوێنەرانی سادە و ساکار، تا وەک گوتارێک بەسەر کۆمەڵگای بڵاوببێتەوە، ئێمەش ئەوبابەتانەمان وەک پرۆگرامی توێژینەوە خستۆتەڕوو.

## ئەرکی شیعری بەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی

لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا ئەدەب تایبەتمەندی ئەو قۆناغە هەڵدەگرێت، واتە بەپێی بارودۆخی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەدەب دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر ئەدەب هەڵگر ڕەهەندی مێژووییە و ڕووداو بارودۆخە جۆربەجۆرەکانە، وەک پەیام ئەرکی شیعری دەردەکەون. بەپێی مێتۆدەکانی خوێندنەوەی دەرەوەی دەقیش ئەم جۆرە ڕەنگدانەوەیە دەبێتە کۆدێک بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕوویاندا، بەجۆرێک ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانرێت وەک سیمای مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە شیعری کوردیدا لێکبدرێنەوە. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئەو کات شیعری کوردی لە پاڵ دیوە ئێستاتیکییەکەی ئەدەبدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەرکی شیعری کوردی لە زۆر لایەنەوە، لای شاعیرانی کورد دەرکەتووە. پرسی خوێندن و خوێندەواری یەکێک بووە لەو پرسە گرنگانەی شاعیرانی کورد تێگەیشتن و هۆشیاریی خۆیان لەپێناو هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی پێشکەوینی کوردستان وەک هەستێکی نیشتمانپەروەری پێشکەشیان کردووە، جا چ لە چوارچێوەی هەڵبەستبێت، یان لە چوارچێوەی شیعربێت. بەشێوەیەکی گشتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ((دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار لەو سەردەمەدا گرنگی خۆی هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئاگاداربوونیان لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی کە لە ژیاندا نەمابوون و یان ئەوانەی مابوون، هەروەها بۆ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، کردنەوەی چەندین قوتابخانە بۆ کوڕان و کچان ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریی بینی لە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە زوڵم و زۆرداربیەی بەرامبەر گەلەکەیان لەلایەن داگیرکەر و دوژمنانی کورد دەکرا))[١]. پرسی خوێندن بەتایبەتی لەچوارچێوەی مافی تاکەکانی کۆمەڵدا و بەستراوەتەوە بەپرسی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و داواکردنی مافەکانی کورد.

بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی لە بارەی خوێندن و خوێندەواری بڵاوکراونەتەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نیوەی سەدەی بیستەم بڵاوکراونەتەوە، لە هەردوو ئاستی ناوەڕۆک و ڕووخسار زۆر سادە بوون و زیاتر لە قاڵبێکی هەڵبەست دەخرانەڕوو، هەڵبەتە ئەم جۆرە پەیام لە شیعری کوردیدا بە ئامانجی گەیاندنی پەیامی ڕاستەوخۆی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بووە، بەجۆرێک دەنگی ڕۆژنامەکان لە ڕووی چەندایەتییەوە بۆ پەیامی هۆشییاری زیاتر بووە و کاریگەری ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵانی خەڵک کردووە، بەتایبەتی گەیاندنی مەبەستی شیعری لە چوارچێوەی زمانێکی سادەو ساکار و بەکارهێنانی جۆرە ئاوازێک لە ڕێی کێش و سەرواوە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێشکەش دەکرا، بەمەش زۆر بە ئاسانی پەیامەکە دەگەیشت و بۆ لەبەرکردن و وتنەوەش ئاسان بوو، تا خەڵکی تر لێی بەهرەوەر بن و کاریگەریەکەش بگوازرێتەوە، بۆیە بەبەردەوامی بۆ پیاهەڵدان یان بابەتێکی فێرکاری ناوەرۆکێکی دیاریکراو و ئاشکرا لە فۆرمێکی شیعری دەخرایەڕوو.

**هاندانی خوێندن لە نێوان هەڵبەست[٢] و شیعری فێرکردندا**

لە پاڵ بارودۆخی سیاسی و ئابووریی و هەبوونی پاشخانەی شیعری فێرکاریی، چەند هۆکارێک بۆ گەشەسەندنی شیعری فێرکردن[٣*] لە ئارادان، وەک کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوایی و خوێندنی فەرمی و دامەزراندنی چاپخانە و کۆمەڵەو و ڕێخراوە کوردییەکان و سەرهەڵدانی بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی[٤] ئێمەش لەو توێژینەوەیەدا وێڕای و پێشهات و گۆڕانکاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، تا دەگاتە کۆماری کوردستان ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان زمانحاڵی کۆمار، ناوەڕۆک و فۆرمی شیعری وەک فێرکاریی لە چوارچێوەی هەڵبەست هاتونەتە پێشەوە، یەکێک لەوانە پرسی خوێندن و خوێندەوارییە کە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەیە و هەڵوەستەی لەبارەوە دەکەین.

بۆ جیاکردنەوەی شیعری فێرکردن کە بەشعری هەڵبەستی فێرکاریی و ڕێک دەناسرێنەوە لە کۆمەڵێک ڕووەوە دەتوانرێت تایبەتمەندی هەر یەکەیان دەستنیشان بکرێت، لەشعری فێرکردن زمانی ئاسایی و زمانی زانست و زمانی شیعر تێکەڵ دەکرێن، لە کاتێکدا لە زمانی شیعردا بە ڕێژەیەکی کەمتر زمانی زانست پەیڕەودەکرێت. لە ڕووی مەبەستەوە ئامانجی فێرکردنە و بۆ سوود و لەبەرکردن ئاڕاستە دەکرێت، واتە بۆ مەبەستێکی دەستنیشانکراو و هۆکارێک دەوترێن. شاعیر لێهاتووانە ئەندێشەکانی بەکاردەهێنێت و لە شیعری فێرکردنیشدا ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دروستکردنی بەرهەمێکی فێرکاریدا، بەڵام شیعر ئەرکێکی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەمەلایەنە دەبینێت و پشت بە ڕەگەزەکان دەبەستێت. هەموو سما و خەسڵەتەکانی خۆی دەپارێزێت، بەڵام بە نەزم بەپێی پلانێکی پێشوەختە دادەنرێت و مەرج نییە شاعیر بێت، لە ڕووی هونەرییەوە کەرستەی شیعری فێرکردن زانست و ڕەوشت و هونەرە، باسی چاکە و ڕاستی و جوانی شێوازەکەی ڕوون و ئاشکرایە، دەستەواژەکان بێ تەمومژ و سادەن.[٥] ((شیعری فێرکردن لە ڕووی ناوەرۆک و شێوازەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە بەپێی توانا و لێهاتوویی شاعیر جۆری بابەت و ئاستی زمان و کاریگەریی وێنەکان و هێزی ئەندێشە دەستنیشان دەکرێت، بۆیە بە هونەرێکی شیعری دادەنرێت، بەڵام لێتهاتوویی شاعیریش شتێکی ڕێژەییە، لەوانەیە لە ئاستێکی بەرزدا بێت))[٦].

زمانی شیعر زمانی هەرە بەرزی زمانی سۆزە پێچەوانەی زمانی زانست دوورە لە سۆز و زمانێکی تاک ڕەهەندە و زمانیش هەیە لە خزمەتی زمانی ئۆتۆماتیک دایە، شیعر بەمەبەستی گواستنەوەی واتا بەکارناهێت، بەڵکوو بۆ شاردنەوە بەکاردێت و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، زمانی شیعر ئەگەرچی لەچوارچێوەی زمانی ئۆتۆماتیکی بەکاردێت، بەڵام لادانە لە نەریتی باوی زمانی ئاسایی، بەمەش نائاسایی بوونی زمان بەهۆی ڕێکخستنی هاونشینی وشەکان و کە بناغەی مۆسیقا و ئاوازن، کورتبڕی و داهێنانی وشە و نالۆژیکی بەجۆرێک لەگەڵ دەربڕینی لۆژیک یەک ناگرێتەوە، بە پێچەوانەی زمانی ئۆتۆماتیک کە پەیوەندییەکی جێگیری هەیە، لە نێوان دال و مەدلول و زمانێکی خوازەیی نییە، ڕەنگدانەوەی زمانی واقیعە بەپێچەوانەی زمانی شیعر داهێنان و لاسایکردنەوەیە[٧]، کەواتە ئەو زمان شیعرییەی کە شیعری فێربوون هەیەتی لە ئاستی بونیادی دەلالی و ئاستی زمانی بەکارهێنراوەدا جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((شیعری فێرکردنی بەرز هەیە و شیعری فێرکردنی نزمیش هەیە. شیعری فێرکردنی بەرز شان بەشانی هەموو جۆرەکانی دیکەی شیعرییەوە جێگای خۆی گرتووە، بەڵام شیعری فێرکردنی نزم هەیە، کە بەدەگمەن تایبەتمەندییە شیعرییەکان لەخۆدەگرێت))[٨]، بۆیە ئێمە لەو سۆنگەیەدا پێویستە مامەڵەیەکی شیعرییانە بەپێی ئاستی بەرزی هونەری و واتایی لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرانەدا بکەین، کە دەچنە خانەی شیعری فێرکردنی ئاست بەرز.

لە کاری هونەری سێ توخم بەشدار دەبن کەرەسە: بۆ نموونە وشە و وتە بەنیسبەت ئەدەبەوە هەروەها، بابەت: دەربڕینی ئەوە بابەتەی کە بۆ شاعیر دەردەکەوێ و بۆی دەچێ وەک ڕووداوێک یان بابەتێک وەردەگرێت، دەربڕین: خاسیەتی کاری هونەری وەک زمانێکی تایبەتی شێوازی تایبەت بۆ ئەوەی مانای قوڵ و کاریگەریی لێبکەوێتەوە[٩].((گومان لەوەدا نییە کە شیعر لە هەموو جۆرەکانی تری هونەر باوترە و بە توانا ترە بۆ دەربڕین، چونکە شیعر مۆسیقا و جوڵە و چالاکی وێنە و بیر و ئارەزوو هەست و سۆز و هەڵچوون و داچوون وەخۆ دەگرێت، سەرچاوەی ئەو وەخۆگرتنانەش لە جۆری بەکارهێنانی زمانەکە و لە وشەو داڕشتنەکەی دایە))[١٠] بەمەش شیعر ((بەهۆی زمانەوە، سیفەتێکی بەهایی پەیدا دەکات و



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەچەشنەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، ئەویش خەستبوونەوەیە، چڕیش لەشیعردا نرخێکی تایبەتی بۆ شیعر کۆدەکاتەوە، لە بابەتەکانی دیکەی ئەدەبی بەرەوژوورتری دەبات))[١١]، بۆیە لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لەو شیعرە کوردییانەی سەدەی ڕابردوو بەهۆی سادەو ساکاری زمان و بەشداربوونی بێهێزی توخمەکانی ئەدەب و شیعر لە بونیادی دەقدا شیعرەکان ئەوەندەی دەکەونە خانەی هەڵبەستەوە ئەوەندە ناکەونە خانەی شیعرەوە، بەجۆرێک، لە شیعری فێرکردنیش خۆیان دادەبڕن، کە ئامانج و پەیامێکی ئامۆژگاری هەیە و مەبەستی پەیداکردنی هۆشیارییە بە زمانێکی ئاوازدارەوە دێتە گۆڕەپانی ئەدەب. تەنانەت ئەو شیعرە بڵاوکراوانەی ڕۆژنامەی کوردستانیش هەمان شتن.

**ڕۆژنامەی کوردستان و پەیامی شیعری**

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و پەیامی کۆمار و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و هاندانی خوێندەواری گێڕاوە. ڕۆژنامەی کوردستان تۆمارێکی گرنگی مێژوویی و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمی کۆماری کوردستانە کەرەسەیەکی گرنگی توێژینەوەیە لە بواری ئابووری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد. تەنانەت هەواڵی هاتن و چوون چالاکی سیاسی کەسایەتی و ئایدۆلۆجی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و دەنگوباسی نەتەوە و وڵاتان و مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردی و کار و چالاکییەکانی ژنان و دەستەی فەرهەنگی کوردستان کردنەوەی قوتابخانە و دەیان هەواڵ و بابەتی دیکەی ئاماژەی گرنگی ڕۆڵی چالاکانەی ڕۆژنامەکەیە. هەموو ئەو بابەتانەی کە گرنگیان پێدراوە بێگومان بە ئامانجی ناساندنی ناسنامە و شانازی نیشتمان و چاندنی تۆی خۆشەویستی و زیادکردنی هەستی نەتەوەییە بەرامبەر کورد و کوردستان، ئامانجی ڕۆژنامە زۆر ڕاشکاوانەیە، لە یەکێک لە هەواڵە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە، ڕۆژنامە و گۆڤار بە پەیامی خوێندەواری دەزانن ((گەر ئێوەش تاڵیبی پێشکەوتن و ژیانی زیندوو سەربەرزن پێویستە لە ڕۆژنامە و مجەلەکانی بیری کوردستان بە دڵێکی گەورە پێشوازی لێبکەن))[١٢]، یان لە نووسینەکانی نووسەران بەهۆی پەسەنکردنی نووسینەکانیان پەیامی ڕۆژنامەکە لە ڕێی نووسەران گەیشتووە، بۆ نموونە حەسەن داودی نووسینێکی نووسیوە بە ناوی زانست و فەرهەنگ دەڵێ ((هەوەڵ وەسیلەی زۆر بەهێز بۆ ژیان و مافی ژینی کۆمەڵایەتی هەر میللەتێک مەجموع و عیلم و زانستی ئەو میللەتەیە کە دەبێ هەموو ژن و پیاوێکی تێگەیشتوو خوێندەوار بێ))[١٣].

لەچوارچێوەی ئەو ئامانج و پلانانەی کە خرانەڕوو، یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ڕۆژنامەی کوردستان پرسی خوێندن و خوێندەوارییە، کەم تا زۆر لایەنی خوێندن و خوێندەواری کراوەتە نموونە و ئامانج، بۆ نموونە لە هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەی (گەلاوێژ)دا کە یەکێک بووە لەو قوتابخانانەی وانەی کوردی تێدا خوێندراوە و زیاتر پێنج هەواڵی تایبەت



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەو مەدرەسەیە پێشکەشکراوە و لە یەکێک لەو هەواڵانە شیعر و وتار لەمەڕ زوو فێربوونی زمانی کوردی و خوێندن و پێویستبوونی خوێندنی کوردی خوێندراوەتەوە[١٤]، بەشێکیش لەو شیعرانە دووبارە لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپکراونەتەوە، هەروەها نموونەی باسکردنی زانایانی کورد کە بەپێی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەکان هەرجارەو تەوەری ژیان و بەرهەمی زانایەکی کوردیان بەپوختەکراوی ئامادەکردووە، بۆ نموونە لە پاڵ ژیان و بەرهەمی زانایانی کورد (شێخ مارفی نۆدێ) کە لە کتێبی (لأمیة الکرد)دا چەند دێڕە شیعرێکی عەرەبی وەرگێراوە و بڵاوکراوەتەوە[١٥].

بڵاوکردنەوەی شیعری کوردی بەگشتی لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕێژەیەکی بەرچاوە، تەنانەت لە هەواڵی ئاڵاهەڵکردن[١] و بۆنەی تایبەتی، شیعر خوێندراوەتەوە و لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا بڵاوکراوەتەوە، بەمەبەستی جۆراوجۆر وەک جۆشوخرۆشی خەڵک و ستایش و دەربڕینی هەستی نەتەوەیی شیعرەکان لەناو جەماوەردا خوێندراونەتەوە، لەهەمان بۆنەشدا، شیعر وەک هاندانی خوێندن و خوێندەواری خوێندراوەتەوە، بۆ نمونە ئاڵاهەڵکردن لە باڵاخانەکانی بۆکان، لەپاش پێشکەشکردنی کۆمەڵێک وتار سێ جار شیعر خوێندراوەتەوە هەر یەک لە هەژار دەستە شیعرێکی سەید کاملی و حەقیقی شاعیر دەستە شیعرێک و خالید ئاغای حوسامی دەستە شیعرێک[١٦]، ئەم پەرۆشی و هاندانی خوێندن و خوێندەوارییە هەمەلایەن و هەمەجۆر بووە، بەجۆرێک خەڵکی ڕۆشنبیریش بەدەنگ ئەو پەیامەوە چووە، کە ئامانجی کاری ڕۆژنامەی کوردستان بووە، تەنانەت هاوکاریکردنەکە گەشیتۆتە ڕادەیەک کە هەموو نووسەر و شاعیرانی ئەو کات خۆیان بە خاوەنی ڕۆژنامەکە زانیووە، بۆ نمونە شاعیرێکی وکو حەقیقی شیعری بۆ سەرۆکی کۆمار نووسیوە (٥٠٠) ڕیالیشی وەک بەخشین ناردووە و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەش سوپاس کراوە[١٧].

ڕۆژنامەی کوردستان لەپاڵ ئامانجە نەتەوەییەکان، یان بە واتایێکی تر بۆ تەواوکردنی ئەرکە نیشتمانییەکان بەلایەنی جۆراوجۆرەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی پەیامی خوێندن و خوێندەواری داوە، بۆ نموونە لە گۆشەی قسەی نەستەق، لە پاڵ کۆمەڵێک پەند و قسەی نەستەقدا هاتووە: ((هەرکەس مەدرەسەیەک دابنێ، دەرکی زیندانی داخستووە))[١٨].

یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی کە باسی گرنگی خوێندن خوێندەواری کراوە، نووسینی جۆراوجۆری تایبەت بە خوێندنە لە ڕێی وتاری جۆراوجۆر و گۆشەنیگای هاوبەشی نووسەران، بە ئامانجی هاندانی خەڵک بەگشتی توێژی لاوان بەتایبەتی، دەیان دەربڕینی جۆراوجۆر و نمونە بۆ هاندان و متمانە دروستکردن دەربڕاون، بەتایبەتی پرسی ئازادی و

[١] ئاڵا هێمای بوون و سەربەخۆیی بوونە، شاعیران و ڕۆشنبیران ڕێزی ئاڕیان گرتووە، وەک بۆنە شیعریان بۆ وتووە، زۆر پێش ڕۆژنامەی کوردستانیش کراوە، لە ژمارەکانی گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٤)، لە ژمارە ٥، ل ١٤، جەلادەت بەدرخان و ژمارە ٨، ل٧ د.کامەران بەدرخان و لە ژمارە ١٩، ل ٩، جگەر خوێن، بڕوانە: عبدالصمد اسلام طه، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢-١٩٤٣)، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٨٠-٨١.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێشکەتنی کوردان بەخوێندنەوە گرێ دراوە. لە نووسینێکی تایبەت بە خوێندن بە ناوی (میللەت و خوێندن)دا هاتووە: ((بخوێنن سەری پاراستنی وڵات هەر خوێندنە))[١٩]، ((بێ گومان میللەت فێرکردن و ڕاهێنانی کە ئەهەمییەت بداتە ماسئیلی عمومی خۆی لە مهیمترین شتە بۆ سەرکەوتنی قەزیەی ئازادی تەواوی دنیایە))[٢٠] ((بخوێنن بزانن دنیای ئەورۆ گەیشتۆتە چ پلەیەک بەسە! لەجیاتی ئەوەی باسی نیفاق درۆو دەلەسە بکەین ئەو وەقتە جوانەت بەفیرۆبدەی چوار کەلیمە فێربە هەموو کەلیمەیەکی سەد دەردی خۆت و چارەی پێ تیمار دەکەی))[٢١]. یەکێکی دیکە لەو نووسینانەی تایەت بە هۆشیارکردنی توێژی گەنجان بەناوی (ڕاسپاردنێک بۆ لاوان و گەنجانی کورد) سەید محەمەد حەمیدی، وەک لە ناوەرۆکی نووسینەکەیدا هاتووە (ئەی لاو! دەزانی لەهەر نیشتمانێکدا بناغەی سەرکەتن و بڵندی لاوان و گەنجانن) لە نووسینەکەدا لەناو بەڵگەهێنانەوەی خوێندن و خوێندەواریدا پەنا بۆ نموونەی زانایان و دەرەوەی وڵات براوە، هەروەها دەستکەوتەکانی تەکنەلۆجیا وەک دروستکردنی فڕۆکە باسکراوە، ڕێگایەکی دیکەی جوڵانی هەستی گەنجان بۆ خوێندن، بریتییە لە بەڵگەهێنانەوەی بە نمونەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)*، بۆئەوەی وەک بیرکردنەوی ئایینیش ئەو بابەتە بەهەند وەربگیرێت[٢٢].

## تایبەتمەندییەکانی شیعری ئامۆژگاری لە ڕۆژنامەی کوردستان

ئەو جۆرە شیعرانەی کە دەکەونە خانەی هەڵبەستەوە، یان بەپێی جۆرەکانی شیعر دەکەونە خانەی شیعری فێرکردنەوە، لە گرینگترین ئەو سیمایانە لە ئاستی ناوەرۆک و لە ئاستی ڕووخساردا دەردەکەون. لە ئاستی واتا قوڵبوونەوە و فرەواتایی ناگرنەخۆیان، بەجۆرێک تاک مەبەستی شاعیر لەگەڵ مەبەستی خوێنەر یەک دەگرێتەوە، بەجۆرێک هیچ گرێ و گۆڵێک ناخاتە ناو تایبتمەندی واتاییەوە، ڕاستەوخۆ مەبەستەکە دەگات شاعیر یان هەڵبەستنووس خۆی لە بەکارهێنانی دەسەواژەی گران نەقۆڵا بەدوور دەگرێت، چونکە لای شاعیر تەنها مەبەستەکە خزمەتکردن و گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراوە، تا بە ئاسانی خوێنەر پێشوازی لێبکات، زمانێکی سادەو ساکار بۆ گەیاندنی مەبەستەکە دەخاتەڕوو وەک لەم نموونەیەی هەژاری شاعیر دەردەکەوێت:

هەر کەس نەخوێنی نۆکەری خەڵکە
بۆ هەموو چەرخان خوێندن بەکەڵکە[٢٣]

لە ئاستی ڕووخساردا شاعیر پەنای بۆ کێشی سادەو ساکار بردووە، بەجۆرێک لەئاستی سەروا و لە ئاستی بەکارهێنانی کێشدا زۆر بەئاسانی لەبەردەکرێن و سادەو ساکار دەکەونە سەرزار، جۆرێک لە مۆسیقا دروست دەکات و لەگەڵ زمانەکەشدا لە پەیوەندیدا دەبێت. ((کێش پەیوەندییکی بەهێزی بە زمانەکە و سروشتی زمانەکەوە هەیە، و مۆسیقای شیعریش کە بەزۆربەی بەهۆی کێشەوە دروست دەبێ وشەکان دەڕازێنێتەوە، تا جوانتر و ڕوونتر دەرکەون و واتایێکی شیعری جوانیش وەدەربخەن))[٢٤]، بێگومان ئەمەش مەبستی شاعیرە، تا پەیامەکەی

بە ئاسانی بگات و زمانێکی سادە و ساکار بەکاردەهێنێت. بەجۆرێک پەیامەکە ئاخێنراوەتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەکە، کە لە هەردوو ئاستی ناوەرۆک و ڕووخساردا تەواوکەری یەکترین، چونکە هەڵبژاردنی دەستەواژە و وشەی سادە و ساکار لەناو کێشی خۆماڵی، یان کێشێکی نزیک لە کێشی خۆماڵی، وا دەکات هەموو کەسێک لێی حاڵی ببێت و بە ڕەوانی مەبەستەکە وەربگرێت، نەک پێویستی بە کەسێک هەبێت، کە شرۆڤە و مانای شیعرەکەی بۆ لێکبداتەوە، ئەمەش زیاتر لە زمانی ئاخاوتنەوە نزیکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خەسڵەتەی شیعر لە زمانی ئاخاوتن و هەڵبەستدا جیاوازە ((ئەرک و پەیامی زمانی ئاخاوتن و زمانی شیر لەیەکدی جیان. ئەگەر خەڵک ڕۆژانە بۆ تێگەیشتنی یەکدی هەوڵبدەن وشەو زاراوە و ئاماژەی وا بەکاربهێنن، کە بە ئاسانی بتوانن کەسی بەرامبەر حاڵی بکەن، ئەوا شاعیر مەبەستی نییە بەهۆی شیعرەوە کەسی بەرامبەر یان ئەو کەسەی کە شیعرەکەی دەخوێنێتەوە بە ئاسانی حاڵی بکا و پەیامەکە بگەین؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە هەتا بۆی بکرێ دەیەوێ تووشی ڕامانی بکات))[٢]، بەڵام لە شیعری فێرکاریی و هەڵبەستەدا هەروەک ڕوون و ئاشکرایە ئەم جۆرە بەکارهێنانە زیاتر بۆ چینی خوار و چینی نەخوێندەوار (مەبەست لەڕێی گوێگرتنەوە)، یان چینێکی کەم خوێندەوارە، بۆیە زمانی بێ گرێوگۆڵ مەرجی گەیشتنی پەیامەکەیە، چەند سادەوساکار بێت، زۆرتر پێشوازی لێدەکرێت، وەک لەو نمونە ئەو هەڵبەستەداعەلی ڕەحیمی دەردەکەوێت:

قەڵەم ئەفەرموێ کوردان بخوێنن
حقوقی خۆتان بەس بفەوتێنن
با مناڵەکان بچنە مەردرەسە
عیلم بخوێنن جەهلی بەسە[٢٥]

**ناوەرۆکی شیعری ئامۆژگاریی خوێندن و خوێندەورای**

چینی خوێندەواری کورد ڕۆڵی هۆشیاری هاووڵاتییانی کوردستانی بینیوە، مامۆستایانیش وەک توێژی ڕۆشنبیر ڕۆڵێکی کاریگەرییان لەو بوارەدا گێڕاوە[٣]، تەنانەت بۆ ئەرکی هۆسیاریی خوێندەواری خۆیان بەشداربوون لە نووسینی شیعر و بابەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زۆربەی ئەو پرسانەی کە گوزارشتییان لێوەکردووە لە سۆنگەی هەستکردن بەبەرپرسیارییەتیی نیشتمانی ئەوەیان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیات و کەلتووری کوردیدا خاڵێکی دووپاتکراوە هەیە، ئەویش مەینەتییەکانی کوردە لە زۆر ڕووە، ئەدەب دۆستێک و شاعیرێک و نووسەرێکی کورد نابینی وەک هەستێکی نیشتمانی باسی لە برینەکانی نیشتمان و خەم و دەردەکانی وڵاتەکەی نەکردبێت، بەجۆرێک وەک بەشێکی هۆشیاریی و ئەرکی هۆشیاریی لەچوارچێوەی

[٢] عومەر میراودەلی، زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣١.
[٣] د. محەمەد عەبدوڵا کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاسۆی پەروەردەیی (٢٠)، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٢.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تێگەیشتنی نوخبەی ڕۆشنبیرانی کورد زۆر لە مەینەتی و کارەساتبارییەکانی کورد وەک هۆکار و ڕوودان شرۆڤەکراون، ئەو جۆرە شرۆڤەکردنەش هەندێ جار هەڵگری حەقیقەتی بابەتی و دووپاتبووەوەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی هۆشیاریی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەشی شاعیران و هەڵبەستوانانی کوردە، بەمەش دەکەونە خانەی هۆشیار و ڕۆشنبیرانی کوردەوە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەپێی ئەو هەڵبەستانەی کە نموونەی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی کوردستانن دەستنیشانیان بکەین:

**- هۆکاری دواکەوتوویی**

بەپێی گوتاری ڕۆشنبیری کوردی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، دواکەوتوویی لە ئاستی جۆراوجۆری ژیانی کوردەواری شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هۆکارەکانیش جۆراوجۆرن، بەڵام زیاتر دواکەوتووییەکە لە نەبوونی بەهاو و بایەخی زانستی و نەخوێندەوارییە، بۆیە هۆکاری نەخوێندەواری و ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری گرفت و سەرچاوەی دواکەوتووییە لە کوردستاندا، وەک هەژار دەڵێ:

دیارە هیچ لا نین ئەو دواکەتنە
گەورەتر سەبەب هەر خوێندنە[٢٦]

هەمان بۆ چوون لە بارەی دواکەتوویی بەهۆکاری نەخوێندەواری لە دێڕە شیعرێکی دیکەشدا هاتووە:

گەر لێم دەپرسی کورد بۆ زەلیل بوو
چونکی بێبەش بوو لە عیلم و عیرفان[٢٧]

لەبەرئەوەی هەڵبەستەکان لە ناوەرۆکێکی ئامۆژگاری دەرکەتوون، تەنها دەستنیشانکردنی هۆکاری دواکەوتنەکە بەس نییە، بۆ خستنەڕووی بابەتەکە، بەڵکو چارەسەرکردنی دیاردەکە و پرسەکەش بە لای هەڵبەستوانان گرنگ بووە، زۆرجا لە پاڵ هۆکارەکەدا ڕاستەوخۆ باسی چارەسەرکردنەکەشیان کردووە:

هەژار دەڵێ:

دەستم دامێنو ئەی پۆلی لاوان
بخوێنن مەکەن تەقسیر و تاوان
چۆن بە مەردانە بە نووکی قەڵەم
ڕزگارمان دەکەن لەژێر باری خەم[٢٨]

عەزیز ئاصەفی دەڵێ:

بابم بخوێنن ئەی گەلی کوردان      باپێمان نەڵێن <u>خۆر</u>** و هیچ نەزان
خوێندن باعیسی ڕزگاریمان      نەجاتمان دەدات لە نێو تەنگانە[٢٩]

هێمن لە هەڵبەستێکیدا بەناوی (ڕێی پێشکەوتن)

دەزانی کوردە ڕێی پێشکەوتنی تۆ


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چییە ئێستاکە من پێم وایە خوێندن
بخوێنە هەر بخوێنە عیلم و زانست
بەکاردێ باقی دیکە هیچن
بخوێنە با نەبی چیدیکە موحتاج
بە گا و جووت و بە ئامور و بەگاسن [٣٠]

**- بەڵگەهێنانەوە و خۆبەراوردکردن**

لە نموونەی شیعرەکاندا بۆ متمانە دروستکردن دەرخستنی پرسی نەخوێندەواری پەنایان بۆ بەڵگەی جۆراوجۆر و خۆبەراوردکردن بردووە، یەکێک لەو بەڵگەهێنانەوانە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە و بەتایبەتی نمونەی وڵاتانی ئەوروپا وەک نموونە وەرگیراون، هەژار لە شیعرێکیدا بە ناوی (خوێندن) لە ژمارە پێنجدا بڵاوکردۆتەوە، لەسەرەتای شیعرەکەیدا باسی ژێردەستەیی و دەوڵەمەندی دوژمن بەماڵی کورد باس دەکات و دەڵێ کورد خۆشیان گاوان و شوانن، دواتر خۆی دەپرسێ باعیسی کورد چییە بۆچی کەتۆتە دوایێ؟ کە کورد لە زۆر لایەنەوە لەوان ئازاتر و چەلەنگترن، بۆیە بە لای هەژارەوە نەزانین و نەخوێندەواری هۆکارێکی دواکەتوویی کوردە:

ئەگەر بۆ شەڕبی کورد ئازاترن
بە نان و خوانبی لەوان ئازاترن
ئێمە نەزان و ئەوان خوێندەوار
ئێمە نوکەرین و ئەو ئاغا و...
ئەو بە عیلمی خۆی وا بەحەواوە
ئێمە لە جەهلا سەرمان سوڕماوە [٣١]

بەهۆی ئەو بەراوردکردنەکە، کە بنەمایەکی باوەڕدروستکردنە، هەژار پێی وایە دەرمان و چارەسەرکردنی بابەتی خوێندنە بەجۆرێک کەسی بەرامبەر ئامۆژگاریی دەکات، کە بەشێوازێکی داشۆرین کەمکردنەوە و ناونانی بەنۆکەری بێگانە وەسف دەکات کە لە لای کورد نۆکەری چەمکێکی قزەونە:

بە کوردی خوێندن دەرمانی دەردە
هەرنەزان و نامەرد هەر زانا مەردە
هەر کەس نەخوێنێ نۆکەری خەڵکە
بۆ هەموو چەرخان خوێندن بەکەڵکە [٣٢]

سەرنجدانمان لە تەواوی ئەو هەڵبەستانەی کە بۆ هەر بابەتێک و ناوەرۆکێک نووسراون، لای کۆمەڵێک لە شاعیرانی ئەوسەدەمدا بەچەند شێوازێک هەمان ناوەرۆک دووبارەدەکرێنەوە، بۆ نمونە هێمن وەک شاعیرانی تر لە هەڵبەستێکیدا بەناوی (ڕێی پێشکەوتن) هەمان بۆچوون دووپاتدەکاتەوە:


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

لە سایەی خوێندنە خەڵکی ئەوروپا
ئەوێستا گەورەی سەرحەدرد و بەحرن[٣٣]

هەرچی هێمنی شاعیرە بەڵگەی دەهێنێتەوە، بەڵگەش بواری تەکنەلۆژیایە و پێشکەوتنە، هەروەک هەڵبەستەکەی ناوی (ڕێی پێشکەتن)ە، دواتر دەڵێ باکوڕ و کچانتان بخوێنن:

لە سایەی خوێندنە دەفڕێ وەکو مەل
بە عاسمانا برا سەد پۆط ئاسن
بە کیژ و کوڕ بخوێنن چونکە زانین
شتێکی لازمە بۆ پیا و بۆ ژن[٣٤]


باوی نزانو ترسەنوك بەبیاوەتی لەنیو هیچ
کوبونەوە وروزنامەیکدا بەچاکی نیوی‌نابری .
زانا بەدری وەك بومسی آتوم
دەنا وورنەبی وەکبردی بن گوم

ریی پیشکەوتن
دەزانی کوردە ریی پیشکەوتنی تو
چیەابستا کە : من پیم وایە خویندن
بخوینە هەر بخوینە علمو زانست
بەکار دی بالی دیکە پاکی هیچن
بخوینە تانەبی جیدیکە محتاج
بەکا جوتو بەآمورو بەگاسن
تراکتوری دروست کەن‌تاکو جوتیر
هەمو بورەو بیارو بوبکیلن
بخوینەو بیکە فامونیاو ماهوت
هەچەندیکی هەتە تویەشەو بەرگن
لەسایەی خوینەنە خەلکی اروپا
ئەوبستا گەورەی سەرحەردو بەحرن
لەسایەی خویندنە دەفری وەکومەل
بەعاسمانا برا صد پوط آسن
بەکیژو کور بخوینن چونکو زانین
شتیکی لازمە بوپیاو وبوژن
هیمن

- **ئامۆژگاریی ئاڕاستەکراوە**

ئەو پەیامەی لە چوارچێوەی ئامۆژگاری ئاڕاستەکراوە، بە ئامانجی ئەوەی منداڵان بنێرنە بەرخوێندن، بە جۆرێک پامەکە ئاڕاستەکراوە، کە ئەوانەی دەچنە قوتابخانە ئەوانە ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوانە دەگرێتەوە، کە ڕۆڵیان هەیە لە بڕیاردانی چارەنووس و داهاتووی منداڵەکانیان، بۆیە بەپێی هەڵبەستەکەش ئاماژە بۆ هیچ لایەنێک نەکراوە، کە دایک یان باوک بێت، بەڵکو لە شێوەی جێناوی (ئێوە) پەیامەکە ئاڕستەکراوە، کە بۆ کەسی دووەمی کۆیە، ئەمەش دەکرێت وەک لایەنێکی واتایی زۆر کەس بگرێتەوە، بەمەش لەچوارچێوەی کاری داخوازی فەرمان دەدرێت، بەڵام جۆری فەرماندانەکە بڕواپێهێنان و ئامۆژگاریکردنە:

وەک عەزیز ئاسەفی دەڵێ:

کوڕ و کچانتان بنێرن بەرخوێندن     تاکو فورسەتە هچ ڕامەوەستن
ئەوڕۆ ڕۆژێکە هەرکەس نەخوێنێ     لە هەستی و ژیان بەشی نامینێ[٣٥]

دیوێکی دیکەی ئاڕاستەکردن پەیوەستە بە توێژی گەنجان کە زۆر دوپاتکراوەتەوە، لە نووسینەکانیشدا گەنج وەک میکانیزمێکی پێشکەوتن دانراوە، دەمی هەڵبەستەکان قسەکردن و دواندنی گەنجە، بەجۆرێک کە پێشکەوتنی وڵات پەیوەستە بە ڕەنج و بازووی لاوان، کە لە ڕۆژنامەی کوردستان لە بابەتە جۆربەجۆرەکانیشدا لاوان کەرەسە و بەڵگەن بۆ هاوارکردن و بانگێشتکردنیان، بۆ کۆڕی خوێندن و خوێندەواری:

لە پارچە شعرێکی عزیز ئاصفی بە ناوی (خوێندن) دا هاتووە:

توخوا بخوێنن ئەی دەستەی لاوان     لە خوێندن مەکەن تەقصیر و تاوان


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

یاخوا سەرکەوی ئالای کوردستان    هەر موفق بی پێشەوای ژیرمان[٣٦]

هەروەها لە هەڵبەستێکی دیکەشدا هاتووە:

خولام و شوان و هەژار و بێ بیر
ئەچنە ڕیزی زانا زۆر زانا
کەوابی برام هەر بەخوێندی
بەرزی ئالای پاک و کوردستان[٣٧]

لە گۆشە هەڵبەستی سێ دێڕیدا بە ناوی (بخوێنن) جوتیر یاهو، لەسەرەتا بەوە دەستپێدەکات کە خوێندن و پێشەوایی لە چییەوەیە، دواتر دێتە سەر ستایشکردنیان

توخوا بخوێنن ئەی دەستەی لاوان
لە خوێندن مەکەن تەقصیر و تاوان
چونکە ئەمڕۆژە قەومێکی پێشکەتوو
بە عیلم هونەر پاک دێنە مەیدان
قەومی بێ سەواد دایم زەلیلە
هەردەم دبیلوزار لە گریە و فوغان[٣٨]

**- پرسی ئامۆژگاری و ئاین**

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی هاندان بۆ خوێندن و خوێندەواری بەکارهێنانی ناوەرۆکێکی ئاینییە، بۆ ڕایزیگردنی کەسی بەرامبەر، چ ئەوانەی بەهۆی ئاینەوە خوێندنی میرییان بەلاوە گونجاو نییە، یان ئەوانەی کە بەهۆی پاڵنەریی دینییەوە بۆ خوێندن ڕایان دەکێشێت. کورد لە ڕابردوودا بەهۆی باری ڕۆشنبیری و کەمی هۆشیاریی ژێردەستەیی، نەیتوانیوە گوزارشت لە سادەترین مافەکانی خۆی بکات، چونکە هەوڵەکان تاکەکەسی بوون، هەر بۆیەش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەرفەتێکی گرنگبوون و لەپێناو هۆشیاریدا جۆرێک لە کۆدەنگیان دروستکردووە، تا خەڵک خوێندەوار بێت و دواتر خاوەن ماف و پێشکەتووبێت، بۆیە یەکێک لەو کەناڵانە بەکارهێنانی ئامۆژگاریی ئاینییە، سەلام کوڕی حەیدەری بەناوی (اطلبو العلم ولو بالصين) دەڵێ:

لاوی کورد چۆن نەبەردی زۆر بەمەردی ڕاپەڕە
غیرە توبی وەک صحابان حیز لاشەڕە
بۆ دیفاعی نیشتمان گەردەن و بالا بکەن
بۆ حقوقی لێستاو وەک شەهینان ڕابکەن[٣٩]



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)


اخباری نیوخومان

اخباری هەندەران

ئاگاداری

اطلبوا العلم و لو بالصین

درسی زمانی کوردی

جدول

لە درێژەی هەڵبەستەکەدا سەلام کوڕی حەیدەری باسی خوێندن و ستایشی شێخ قادر و سمایل ئاغای شکاک و پێشەوایانی کورد دەکات، کە مەبەستی قبوڵنەکردنی ژێردەستەیی و دەرکردنی دوژمنە، بێگومان بە ناڕاستەخۆیی ئەم کەسایەتییانە بە خوێندن و هۆکارەکانی خوێندنەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لە کۆتایی هەڵبەستەکەدا دەڵێ:

باعیسی پێشکەوتنی ئێوە هەمیشە خوێندنە

اطلبو العلم ولو بالصین بورهانی منە[٤٠]

**- ئازادی لە نێوان دوانەیی خوێندن و چەکدا**

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی کە بۆ هۆشیارکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەی سەرفرازییەکانی خوێندن و خوێندەواری و ئازادی و پاراستنی گەل نووسینی جۆراوجۆر نووسران و لە ناویشیاندا نموونە و بەڵگەی شیعری هێنراوەتەوە، کە لە لاین شاعیرانی پێشتر نموونەمان هەیە، هەمان بۆچوون دەربڕاوە نووسەر و شاعیرانی هاوسەردەمی ڕۆژنامەی کوردستان درێژەیان پێداوە، لەلایەکی یدکەش دەکرێت بڵێین، بەردەوامی دۆخەکە بووە و کورد بەشێکی ئەو دەردو خەمەکەی، یان نەزنین و هەژاری و ژێردەستەیی، بەهۆی نەخوێندن و خوێندەوارییەوە بووە، وەک لە نووسینەکەدا هاتووە ((زانست هێزێکە کە قەومی دواکەتوویی مرد و لە قوڕی نەگبەتی دەردەهێنێ زانست تاجێکە بچێتە سەر هەر سەرێک لە بەدبەختی و کەساسی ڕزگاری دەبێ))[٤١]

بە نموونەی دوو دێڕە شیعری حاجی قادر کە دەڵێ:

بە زانست و هونەر ئازادە خاکت

لە دەستی دوژمنان ڕزگارە خاکت

بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە[٤٢]


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم پەیامە بووە بە گوتارێکی نەتەوەیی و لەشیعردا ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێک هەمان باوەڕی حاجی وەک دەقاوێزانی ئەدەبی و بیر و ڕۆشنبیران ئاوێتەکراوە، سەلام کوڕی حەیدەری:

باغی ئازادی وەرن توخوا بەدڵ داوا بکەن
یەک بە نووسین و یەک بە شمشێر ئاسمان ئاگا بکەن[٤٣]

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هێمن و هەژاری شاعیر وەک دوو لاوی ناسراو شاعیر ڕۆڵیان لە هەڵسوڕانی ڕۆژنامەی کوردستاندا هەبووە، تەنانەت لە دوادواییەکانی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە وێنەی هەردوو شاعیرەوە کار و بەرهەکیان پێشکەش کراوە و وەک ڕۆشنبیری و شاعیر ئەو کات وەسفیانکراوە، بۆیە بەردەوام بە شعر و ڕووداو هەستی نەتەوەیی و پێشکەوتن و خوێندنیان وەک هەڵبەست لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە، بە بەراورد بە شاعیرانی تر بەرهەمیان زۆرترە.

هێمن بە ناوی (ماوەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیسقلالی کوردستان) شیعرێکی هەیە وێڕای خستنەڕووی هەستی نیشتمانی و ئازار و مەینەتییەکانی کورد و داهاتووی کوردستان و خۆشی سەربەخۆیی و گەنج و خوێندەواریی و پێشمەرگە هەستی خۆی دەربڕیووە، وەک لە بارەی خوێندنەوە دەڵێ:

لاوەکان پێشمەرگەکان ئازایەکان بێ باکەکان
دەسدەنە شیر و ئێوە و ئێمەش تیژدەکەین نووکی قەڵەم[٤٤]

هەژار لە هەڵەبەستێکی بە ناوی (قەڵەم)، قەڵەم وەک فریادڕەسی بەکارهێناوە، ئەگەرچی باسی چەکی نەکردووە، بەڵام بایەخی قەڵەمی دەرخستووە:

لەبەر جەهلی وەڵاتی کوردەواری
لە شانی نیشتوو تۆزی هەژاری
قەلەم پەیدابوو چوار ساڵی نەکێشا
نیفاق و نەگبەتی لابرد لە پێشا
لە سایەی خوێندن و نوکی قەڵەم بوو
کە بۆمە لابەری دەرد و ئەلەم بوو[٤٥]

هەر بۆیەش هەمان پەیام و بۆچوون لای نووسەرانی دیکە لەگەڵ پەیامی هەڵبەستەکاندا یەک دەگرنەوە م.محەمەد لە نووسینێکیدا بەناوی (نەزانین هاوڕێی گەل بەکارهێنەرەکانە): ((کەوابوو نەزانین هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی هەموو کەسێکی بەرهەمهێنەری گەل و سەرگەردانی کەریەتی، هەروەها دژمنێکی خوێنەخۆری ئازادکردنی گەلە))[٤٦]

عەلی ڕەحیمی لە باسکردنی ئاڵاو ڕەنگی ئاڵا لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دوای باسکردنی پێکهاتەی ئاڵا باسی بایەخی خوێندنەواری دەکات، کە بەرهەمی خوێندەواری سەرکردە و پێشەواکانن، زیاتریش مەبەستیی پێشەوا قازییە، بۆیە کە سەرنج دەدەین لە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەواوی پرس و بابەتەکاندا بۆ هەرخاڵێک لە هەڵبەستدا هەنگاویان هەڵێنابێت، خوێندن و خوێندەواریشیان بە ئامانج گرتووە، هەروەک دەڵێ:

زانینی عیلم جەوهەری زاتە
نەخوێندەواریش موزەخرەفاتە
نابینی ئەمڕۆ چی خوێنەوارە
یەک پێشەوا یەکی سەردارە
یەک وەرزێرە یەکێ ئەمیرە
یەکێ ڕەئیسە دەست بەشمشیرە[٤٧]

هەڵەبەستێکی دیکەدا خوێندن و خوێندەواری بۆ ڕێگریکردن لە لەتبوون و داگیرکردن هاتووە:

قەومی خوێندەوار ئازا و شادە
لە ڕۆژ و لەشەو لە کاتی زستان
هیچ کەس ناتانی وڵاتی بەشکا
چونکە لەت دەکا گیانی بەشیران
گەر بێت بخوێنی بە موددێکی کەم
دەبیتە شاهی سەراسەری جیهان[٤٨]

ئەنجام

- زۆرترین ئەو شیعرانەی لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراونەتەوە لە چوارچێوەی هەڵبەستدان و دەکەونە خانەی شیعری فێربوون.

- هەڵبەستەکان بەگشتی لە ڕووی ناوەرۆک و ڕووخسارەوە زۆر سادەو ساکارن، ئەو جۆرە شێوازەش لە شیعری فێربووندا وەک ڕۆڵی ئامۆژگاریی و بەڵگەهێنانەوە بۆ پێکانی ئامانج و دەرخستنی مەبەستەکە گرنگە.

- پەیامی ڕۆژنامەکە بەپێی نووسینەکانی تایبەت بە هۆشیاریی خەڵک بۆ فێربوون، لەگەڵ ناوەرۆکی هەڵبەستەکان، کە لەهەردووکیاندا هەوڵدراوە بەربەستە کەلتورییەکان ولابنرێن و منداڵان و گەنجان بنێرنە بەرخوێندن.

- بەشێوەیەکی گشتی تەواوی هەڵبەستەکان نەخوێندەواری بەهۆکاری دواکەوتووی کورد دانراوە، بەپێی هەندێک لەو هەڵبەستانەش چەک و خوێندن پێکەوە وڵات پایەدار دەکەن.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- جۆری هەڵبەستەکان وەک نموونە و بەڵگەهێنانەوە، بە ئاین و نموونەی تەکنەلۆژیا و وڵاتە پێشکەتووەکان و نموونەی هەژاری و کڵۆڵی کورد و پێشەواو شۆڕشەکانی کورد هێنراوەتەوە.

[1] حوسێن غازی کاک ئەمین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٣.

[2] بە واتای (نظم)مان داناوە، لە ئێستای توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا زیاتر شیعر لە بەرامبەر (شعر) بەکاریێت، کەپێشتر هەڵبەست و هۆنراوەشیان بۆ بەکاردەهێنا بۆ نمونە لە هەندێک لە نووسینەکانی گۆران هەڵبەست بەکارهاتووە بڕوانە: ئەنجامی هەڵبەست لە گۆڤاری هاوار، کۆنی وتازەیی لە هەڵبەستا، هیوا ژمارە (٣١) ١٩٦١، هەروەها مەسعود محەمەدیش لە گوڵزاری نالی (هەڵەبەست و شیعر)ی بەکارهێناوە، بۆ شاعیریش بوێژیشی بەکارهێنانەوە بڕوانە: چەپکێک لە گولزاری نالی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

[*] لە ماستەرنامەکەی ئەحمەد قەرەنی لە ژێرناونیشانی (شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) وەک لایەنی مێژوویی و ئاڵۆزی لە جۆراوجۆری تێگەیشتن لە بەکارهێنانی (نەزم و شیعر و شیعری فێرکردن) لە ئەدەبی کوردی، وەکو مەلای جزیری و خانی و حاجی...تا وتار و نووسینە ڕەخنەییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە گۆڤاری تێگەیشتنی ڕاستی و ژیان و گۆڤاری کوردستانی ئەستەمبوڵ و دواتریش لە لایەن توێژەرانی ئەدەب، تێگەیشتنی جۆراوجۆر هەبووە، بۆ نمونە تێگەیشتنی ڕاستی جیاوازی نێوان نەزم و شیعری کردووە، دواتر لای توێژەرانی هەولێ دانانی زاراوەیان داوە، وەک عەلائەدین سەجادی هەڵبەست بۆ (النظم) و هۆنراوەی بۆ (شعر) داناوە، بەڵام کامل بەسیر ڕای پێچەوانەی هەیە، دواتر جیاوازی لە جۆرەکانی شیعردا کراوە، توێژەرانی وەک د. شوکریە ڕەسوڵ و د. فازل مەجید و حەمەکەریم هەورامی شیعری فێرکردنیان بەکارهێناوە، بڕوانە: ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ل١٠-١٧. هەندێک لە و دەقانە ئەدەبییانە لە ئاستی بەرز دان و شیعری فێرکردن و دەقی ئەدەبی بەرز سەیردەکرێن، وەکو هێزیۆد و لۆکریس و ڤرجیل و سەعدی شیرازی و نزیزامی گەنجەوی و گۆران و جگەر خوێن و هەندێکی تریش لە ئاستی نزمدان، وەک ئیبن مالیک و شێخ مارفی نۆدێ، بڕوانە: ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل٣٤. کەواتە شیعری فێرکردن لە دوو باردا دەردەکەوێت، لە بارێکی ئاست بەرز و بارێکی ئاست نزم، لە باری ئاست بەرزدا پێکهاتەی ڕەگەزکانی شیعری فێرکردندا لە شیعر نزیکە.

[4] ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ل٩٣-٩٧.

[5] هەمان سەرچاوە، ٢٧-٣١.

[6] هەمان سەرچاە، ل٣٤.

[7] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، دەزگای سپیرێز" چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥٢-٥٣.

[8] ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ٥٦.

[9] د. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، ٢٠٠٥، ل ٢٩٨- ٣٠٣.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

[١٠] د. خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئیکادیمیای کورد، پاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر، ٢٠١٢، ل٩٢

[١١] د. ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، بڵاوکراوەی ئەکادیمایی کورد، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠.

[١٢] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، ل٤.

[١٣] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٢، ل٢.

[١٤] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٣، ل ٣.

[١٥] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٣، ل٣.

[١٦] کوردستان، ژ١، ل ٣.

[١٧] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٨، ل٢،

[١٨] ڕۆژنامەی کوردستان، ل٢، ژ٢.

[١٩] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦٠، ل٤.

[٢٠] هەمان سەرچاوە، ل٤.

[٢١] هەمان سەرچاوە، ل٤.

[*] بەهۆی باوەڕی ئاینی و تێگەیشتنی بەهەڵە لە ئاین هەندێک لە خەڵکی کوردستان بەلایەنەوە گونجاو نەبووە، منداڵەکانیان بخەنە بەرخوێندنی میری، بۆیە ئەم پرسە لە ڕۆژنامەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش وەک پرسی خوێندن لە زۆر لە نووسینەکاندا نموونەی بە ئایەت و فەرمووده هێنراوەتەوە، کە لە ئاینی ئیسلامدا خوێندن وەک پێویستییێک زانراوە، لە ڕۆژنامەی ژیان و گۆڤاری زاری کرمانجی و ڕۆژنامەی پێشکەوتن و گۆڤاری دیاری کوردستان نمونەمان زۆرە، لە ژمارەکانی (١٥، ٥، ٦، ٩)ی گۆڤاری (دیاری کوردستان) لە ساڵی ١٩٢٥ وەک نووسین و بەڵگەهێنانەوە بە لایەنی ئاینی نمونەی جۆراوجۆر هەن، بروانە: خوێندن و پەرەسەندی زمانی نووسینی کوردی بە نمونەی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی سەرەتای سەدەی بیستەم - یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کوردناسی (ICOKS) زانکۆی دیجلە، ٢٢-٢٠١٦/٩/٢٣، توێژینەوەکە لە گۆڤاری نێودەوڵەتی تایبەت بە توێژینەوەی کوردناسی: www.ijoks.com (ISSN:2149-2751) pp.58-79, (٣)2 بڵاوکراوەتەوە.

[٢٢] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، ل٣.

[٢٣] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ل٢.

[٢٤] د. خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕزای تاڵەبانی ، ل١٠٠

[٢٥] ڕۆژنامەی کوردستان،ژ٤٢، ل٤.

[٢٦] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ل٢.

[٢٧] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٤٣، ل ٤.

[٢٨] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ل٢.

[**] بۆ ئەو وشانەی کە هێڵمان بەژێر داهێناون و بەهۆی خراپی چاپەوە ئێمە نەمان توانیوە بەتەواوی بیاننووسییەوە.

[٢٩] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٩، ل٣.

[٣٠] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٨، ل١.

[٣١] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ل٢.

[٣٢] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ل٢.

[٣٣] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٨، ل١.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

[٣٤] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٨، ل١.
[٣٥] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٩، ل٣.
[٣٦] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٩، ل٣.
[٣٧] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٤٣، ل ٤.
[٣٨] ڕۆژنامەی کوردستان،ژ٤٢، ل٤.
[٣٩] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥٤، ل٣.
[٤٠] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥٤، ل٣.
[٤١] ڕۆژنامەی کوردستان، ٥٢، ل٢.
[٤٢] ڕۆژنامەی کوردستان، ٥٢، ل٢.
[٤٣] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥٤، ل٣.
[٤٤] ڕۆژنامەی کوردستان، ١٥، ل١٦.
[٤٥] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢١، ل١.
[٤٦] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٦، ل٢.
[٤٧] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٣٥، ل ٣.
[٤٨] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٤٣، ل ٤.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)